نێچیرڤان بارزانی: هیوادارین ئەم هەڵبژاردنە سەرەتایەک بێت بۆ عێراقێکی فیدرال



سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، نێچیرڤان بارزانی دوایی دەنگدانی و لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: هیوادارین ئەم هەڵبژاردنە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بێت بۆ گەلی عێراق چونکە گەلی عێراق شایستە ژیانێکی باشتر و شایستەترن.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند :جیاوازیەکی یەک خاڵە عێراق لەڕێیی ئەمنی وسیاسی وئابووریەوە هەنگاوێکی باشی ناوە وهیوادارین ئەم هەڵبژاردنە سەرەتایەکی نوێ بێت بۆ هەرێم و عێراق و هیوا سەرکەوتن بۆ دەخوازین

نێچیرڤان بارزانی ڕاگەیاند: کێشی هەڵبژاردن بارودۆخێکی تایبەتی هەیە و پارتی گفتوگۆ لەگەڵ هیچ لایەنێک ناکاتەوە.

نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند کە :ئەمڕۆ ڕۆژێکی دیکەی دەنگدانە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی گرنگە و پێم وایە ئەم هەڵبژاردنە یەکێکە لە گرنگترین هەڵبژاردنەکان کە تا ئێستا لە عێراق کراوە.

ئاماژەی بۆشدا بابەتی دەنگدان مافە و بەرپرسیارێتییەکی گەورەش. هیوادارم هەموو کەسێک لە عێراق ئەم بابەتە بە گرنگ سەیر بکات، لە کاتێکدا عێراق کووتووەتە سەر ڕێچکەیەکی دیموکراسی. گرنگە هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان بە ئەرکی خۆیان هەستن و بڕۆ سندوقەکانی دەنگدان بکەن.

بارزانی وتیشی: خۆشحاڵین کە قۆناغی یەکەمی دەنگدان بە ئارامی و بەدەنگی بەڕۆچوو. هیوادارم ئەمەش کە دەستپێکردنی دەنگدانی گشتییە، بە هەمان شێوە بە ئارامی بەڕێوەبچێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەیش ڕاگەیاند کە، لەڕێوە سوپاسی هەموو هێزە ئەمنییەکان دەکەم کە بە باشی ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردووە، دەستخۆشییان لێ دەکەم. هەروەها سوپاسکی تایبەتی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەم بە ئێو هەکارانەی کە گرتوویانەتەبەر و سوپاسی ماندووبوونیان دەکەین." هیوادارم ئەم هەڵبژاردنە سەرەتایەکی نوێ بێت بە هەموو عێراق، گەلی عێراق شیاستری ژیانێکی باشتر و خۆشگوزەرانی باشترن لە ژیانیاندا، من هیوادارم خزمەتگوزاری باشتر پێشکەشی گەلی عێراق بکرێت بە ئێوەی ژیانێکی باشتر بژین.